# هەقە هەموومان بە ئینساف بیین

**حوسێن ئیسماعیل خان دەلۆ**

هەموو کتێبە ئاسمانیەکان و جاڕنامەی گەردوونی مافی مرۆڤ  باس لە ویژدان دەکەن کە خوای گەورە بە مرۆڤی بەخشیوە هەرچەند ویژدان نەبووەتە ئامرازیەك و بتوانێ پێشڕەوایەتی و رابەرایەتی مرۆڤ بکات بۆ هەڵسوڕان و راپەڕاندنی کار و پەیوەندیە کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسی و فەرهەنگی و ئەخلاقی و.....هتد ، پێشینانمان ووتوویانە (( لەگەڵ کوێردا بخۆ بەڵام بەئینساف )) ، ئینساف لایەنێکی مەعنەوی مرۆڤە و رەها نیە بەشێوەیەکی رێژەی لە مرۆڤەکاندا بەرجەستە دەبێت لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی تر جیاوازە لە وتن و کردارەکانیدا رەنگدەداتەوە و بە دیار دەکەوێت ، هەندێك لە رۆژنامە نووسان بۆچوون و لە یەکدانەوەیان وایە کە دەبێت رۆژنامە نوسی رەسەن هەمیشە مەتەرێز لە دەسەڵات بگرێت حکومەت بەرڕێژنەی رەخنە و قسەی سوك بدات بەوپێوەدانگەی کە داکۆکی لە بەرژوندی زۆرینە دەکات ، بەڵام من دەڵێم ئێمە هێشتا پێویستمان بەو خاوەن قەڵەم و رۆژنامانە هەیە کە سارێژی برینەکانمان بۆ بکات و رێگای باش نیشانی هەموو لایەك بدات و پرد و رایەڵەیەك بێت بۆگرێدانی پەیوەندیەکانی هەردوولا واتە ( دەسەڵات و کۆمەڵگا ) ، لەم ووتارەدا دەمەوێت باس لەو بارو دۆخە بکەم کە کۆمەڵگای کوردی دووچاری بووە کە بەشی هەرە زۆری چین و توێژاڵەکانی کۆمەڵگای کوردی دەگرێتەوە بە کاربەدەست و لێپرسراو خەڵکی سیڤیل و رووت و رەجاڵی ئەم هەرێم و نیشتمانە کە تاکو رادەیەك لە قەیران و ئاستەنگێکدا دەژین کە ئینساف و واقعبینی لەلای هەندێك لە یاد و بیر کراوە و بە تەڵخی لە شوشەبەندی پەنجەرەکانەوە تەماشای رووداو و پێشهات و پەرەسەندنەکان دەکەن و هەر لایەك بەگوێرەی گەزەکەی خوی دەیپێوێ ئەویش مانای ئەوەنییە کە  هەموومان بەو شێوەیە بیر دەکەینەوە ئەمەش رێژەییە و تێڕوانینی کەسێك لە کەسێکی تر جیاوازە و بەڵکو زۆرینەمان گوێزەکان لە هەمانەی خۆماندا دەژمێرن لە دیدی بەرژەوەندیە تاکەکەسیەوە شەن و کەوی بابەت و دیاردە کۆمەڵایەتی و ئابوری و فەرهەنگی و ئیداریەکان دەکەین ، وهەندێك بە هەموو شێواز و نەفەسێك بەرژەوەندیەکانی خۆیان دەخوێننەوە و تۆش ناچار دەکات گوێی بۆ رادێری هەرچەندە تێبکۆشی ئەو مەفەری ئەوە نادات کە شرۆڤەی ئەو واقع و دیفاکتۆیانە بکەی کە لەم ئان و سات و قۆناغ و سەروەختە هەستیارو ناوازەیەدا بەرۆکی گرتووین و لە ئەزەل و بەرەبەیانی مێژووە وە بووتە بەشێك لە چارە نووسی ئەم گەلە ستەم دیدە و بەش مەینەتە .

هەمووومان باش دەزانین ئەوکەس وکار و دۆست و ئاشنایانەمان کە پێش ئازاری 1991ز ماڵ ئاوایان لێکردین بۆ یەکجارەکی بە جێیان هێشتین خێر لە خۆ نەدیوو بوون کەمترین مافیان بەرکەوت خوازیار بوون رۆژێك بە ئاسوودەی و بەختەوەری بژێن بەو هەموو ئاوات و ئومێدەوە سەریان نایەوە سەرباری ئەوەش زۆریان تێدەکۆشان بۆ فەراهەم کردنی گوزەرانی خۆشتر و باشتر بۆنەوەکانی دوای خۆیان ، بەڵام وا بۆ زیاتر لە 15 ساڵ دەچێت دۆخەکە گۆڕاوەو زورینەی گەلی کورد لە باشوری کوردستاندا حاڵی باشترە و تاکەکانی تاکورادەیەك بەهرەمەند بوونە لە مافە مرۆی و نەتەوەیەکانیان بەشێك لە ئازادیەکانیان چنگکەوتووە هەرچەندە ئەوە باش دەزانین لە چاو تروکانێکدا ناتوانین هەموو خەونەکانمان بێتە دی چونکە پرۆسەی ئاڵوگۆڕی کۆمەڵ پرۆسەیەکی درێژ خایەنە و کاتێکی دەوێت بۆ بەرکەماڵکردنی ئەو گۆڕانە و پەیوەستە بە گۆڕانی بەها سەرخانی و ژێرخانیەکانی کۆمەڵگاوە ، وەلێ لە رووپەڕی زۆرینەی رۆژنامەکان و کۆڕو وتوێژو گفتوگۆ و دەمەتەقیەکاندا خەڵکی زۆر گلەی و گازندە لە بارو دۆخەکە دەکەن کە باس لە نەبوونی کارەبا وبەنزین و غاز و نەوت و بازاڕ و گرانی و چی و چی تردەکەن کە بەوشێوەیە هەموو ئۆباڵی ئەو نەبوونیانە دەخەنە سەر ئەستۆی حکومەت ، نەبوونی بەرنامە و پلانی حکومەت بۆ چارەسەر کردنی ئەو دۆخە ناهموارە ئەو گللەیانە ئەوەندە پڕ لە تورەیەن دوعای شەڕ و نەمان بۆ حکومەت دەکەن و پیرۆزیەکانی ئەم وولاتە پێشیل دەکەن و زۆر نالۆجستیکانە بە قسەی نابەجێ یەخەی هەندێك سەرکردە دەگرن و دۆ و دۆشاو تێکەڵ دەکەن ، من ناڵێم کەمو کوڕی نییە بەڵام ئێمە لە دوورگەیەکدا دەژین کە چوار دەورمان خولقێنەر و فاکتەری ئەو نەبوونی و قاتی و گرانیەن چونکە تاکو ئێستا چارەنووسمان بەندە بە ئێراقەوە کە رۆژانە نزیکەی 150کەسی تێدا کەبێگوناه  و ئاگای لە مەحموی بێزەواڵ نییە دەکوژرێت و خوێن رشتن و رەشپۆشی بووەتە بەشەمیراتی هەموو ماڵێك و چەندین ماڵ و شوێن و کارگە و سەرچاوەی داهاتی پێداویستیەکانی رۆژانەی خەڵکی تێدا خاپور و تێك وپێکدەدری و پەکدەکەوێ ئەمە جگە لەو گشت دزی و فزی و گەندەڵیەی کە وەکو پاشکۆ و کاریگەریکانی شەڕ هاتوونەتە ئاراوە  سەد ئەوەندی تر حاڵەکەی شلۆق و نائارام کردووە ، ئێراقێك کە

دەستی چەندین دەزگای هەوالگری و سیخورەکانی دەوڵەتانی دونیای تێدایە و وەکو حەسحەس بە دیار دۆخەکەوە بەرژەوندیەکانی خۆیان دەقۆزنەوە ، قەدەری ئەم هەرێمەی ئێمە واکەوتووە کە وولاتانی دەورپشتمان ئەگەر بۆ مەرام و بەرژەوندی خۆیان نەبێت بە هیچ کلۆجێك دانی خێرمان پێدانانێن چاویان بەرایی نادات لایەنە تەندروست وجوان و پۆزەتیفەکانمان ببینن و بەردەوام خۆیان مەلاس داوە و لە بۆسەدان و لە هەر دەرفەتێکدا کە بۆیان بلوێت بنکۆڵ و ریشە کەنمان بکەن هەتەرمانیش نەهێڵن جا چ جای هاوکارمان بن بۆ چارەسەرکردنی گرفت و نەبوونی و کێشە وکەمو کوڕیەکانمان و دەربازمان بکەن لەو نەهامەتیانەی کە هەڕەشە لە بوونمان دەکات ،.

لێپرسراوان وکاربەدەستان ئێوەش هەمووتان نا بەڵکو بەشێکی زۆرتان هەندێك بەئینساف بن با کۆشك و تەلارەکانتان با باڵەخانە و ئاپارتمانەکانتان با ریزە دوکان و ریزە شوقەکانتان با ... با ... ئەوەندە بەرزو و زۆرو زەوەند نەبن کە خەڵکی لە هەموو کۆڕ و کۆبوونەوەیەکدا بە خراپ باستان بکات و کار لە ناوبانگی ئەوانەی کە وەکو ئێوە نین بەڵام هاوکارو هاوپیشەتانن بکات و خۆشەویستی حکومەت کەم بکاتەوە و کێرڤی نیشتمانپەوەری و هەستی نەتەوایەتی خەڵکی دابەزێنێ و نزم بکاتەوە ، و خەڵکی ستەمدیدە جەورکێشی کوردستان هەست بەوە بکەن کە قوتی ڕۆژانە و بەشە ژەمی خۆراکی منداڵەکانی ئەوان تەلارەکانتانی هەواڵەی کەشکەلانی ئاسمان کردووە چونکە گشت خەڵك دەزانێ بەر لەوە ئێوە ئەو پۆستە وەربگرن چیتان هەبوو وە ئێستاش چیتان هەیە ، وەزیفەی ئێوە خزمەت کردنە و ئەوەی لە ئەستۆتانە دادپەروری کۆمەڵایەتیە و بەچاوی یەکسانی تەماشای هاونیشتمانیان بکەن و بەردەوام لە بچوکی خەڵکدا بن چونکە بەو رەنگ و چەشنە دەتوانین زاڵبین بە سەر سەرلەبەری تەنگو چەڵەمەکاندا و سەرکەوتن زامن و مسۆگەر بکەین و ئایندەیەکی گەش و روناك بۆ نەوەکانی دوای خۆمان بێنینە ئاراوە .